سەرکایەتی کەمار: ئامانجی سکاکەمان چارەسەرکردنی قەیرانی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمە

هاوڵێ تەفیق بەووبەری گشتی لە سەرکایەتی کەماری عێراق رایدەگەیەنێت، سەرۆك کەمار دژایەتی هیچ دەسەڵاتێکی دەستوری وڵات ناکات و ئەو سکایەی سەرکایەتی کەمار لەبەردەم دادگای فیدڕاڵی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە و دەشێت، پێویستە حکومەتی هەرێم پابەندی جێبەجێکردنی بڕگەکانی هەمواركردنی یاسای بودجە و دەستکردنی داهاتی نەوت و نانەوتی بێت".

هاوڵێ تەفیق لەڵدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بۆیکردەوە، دەمانەوێت بۆ هاونیشتیمانیانی عێراقی ڕونبکەینەوە کە وڵاتەکەمان بە قەناغێکی گرنگدا تێدەپەڕێت و پێویستە هەموان پابەند بن بە یەکگرتوویی نیشتمانی و هەستکردن بەبەرپرسیارێتییەکی باڵا بەرامبەر بە پرسە گرنگەکان، سەرۆك کەماریش وەك پارێزەری دەستور و سیمبولی یەکگرتووی گەل لەگەڵ هەموان لە یەك دوری دەوەستێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "لەماوەی دەیان ساڵدا گەلی عێراقیمان خوێن و قوربانییەکی گەورەی داوە لەپێناو بەدیهێنانی سیستمێکی دیموکراتی نوێنەرایەتی فیدراڵی کە تێیدا شکۆمەندی و

ژیانێکی خۆشگوزەرانی هەبێت".

هاوڕێ تەفیق دەشێت، "هەموان دەزانن کە یاسای بودجەی سێ قۆناغی فیدراڵی کە لەساڵی 2023 پەسەند کرا نەخشەگایەکە بۆ دابەشکردنی سەروەت و سامانی عێراق بەسەر هاوڵاتیانی خێیدا کە بەگوێرەی ئەو ماف و ئەرکانەی سەر حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم سەرهەدەدەن".

ئەوەشی رونکردەتەوە، "سەرکایەتی کۆمار پاڵپشتی سەرەکی حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمە لە دەزینەوەی چارەسەری گونجاو بەپێی یاساکانی کارپێکراو و لەژێر چەتری دەستور".

ئەوەشیخستەتەو، "سەرۆك کۆمار دژایەتی هیچ دەسەاتێکی دەستوری وڵات ناکات و ئەو سکاڵایەی سەرکایەتی کۆمار لەبەردەم دادگای فیدڕاڵی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە لە هەستکردن بەبەرپرسیارێتی نیشتیمانی لەبەرامبەر ئازاری بەشێکی زۆری عێراقییەکان سەرچاوەی گرتوە و خێپیشاندانی جەماوەری و مانگرتن لە خواردن بۆ کەمەك ماستا و فەرمانبەر کە بۆتە هۆی داخستنی چەندین قوتابخانە و پەکخستنی هەزاران خوێندکار و ئامانجی ئەم داوایە بۆ دەزینەوەی چارەسەرکی گونجاو و دەستوریيە لەنێوان حکومەتی فیدڕاڵدا و حکومەتی هەرێم وڵای بەرزنرخاندنی هەمو هەوڵەکانی سەرۆك وەزیران لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆ دەزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشە دارایيەکان و تەئکیدیکردنەوە لەسەر گرنگی پابەندبونی حکومەتی هەرێم بەجێبەجێکردنی بڕگەکانی هەموارکردنی یاسای بودجەی فیدڕاڵی و ڕادەستکردنی داهاتی نەوت و غەیرە نەوتی خۆی بۆ حکومەتی فیدڕاڵی".

هاوڕێ تەفیق ئاشکراشیکردوە، "سەرۆك کۆمار لەگەڵی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانییەوە و بەدواداچونی بۆ ڕەوشی ژیانی هاوڵاتیان و سەردانەکانی بۆ پارێزگاکانی (بەسرە و نەینەوا و هەولێر و نەجەف و واست و موسەننا و ئەنبار) هەمیشە پەرۆشە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلەکەمان بەهەمو پێکهاتەکانییەوە و گوێ لە دەنگ و داخوازییەکانیان دەگرێت .

ئەوەشی ڕاگەیاندوە، "سەرکایەتی کۆمار دامەزراوەیەکی دەستوریيە کە ئامانجی پاراستنی سیستەمی دەستوری، پاراستنی مافەکانی هەمو خەڵکە بەبێ جیاوازی و پشتیوانی لە هەمو دەسەاتەکان، تەئکید لەوە دەکاتەوە کە هەرکاتێك دەنگی گەلەکەمان یەکگرتو بێت، وڵاتەکەمان خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بەدی دەهێنێت".